# بانگەوازێك بۆ دانیشتوان

## هاوڕێیانی کرێکار، سەرباز و جووتیارەکان

شۆڕشی کرێکاران و جووتیاران لە پترۆگراد بە تەواوەتی سەرکەوت پاش ئەوەی پاشماوە تاك و تەراکانی دوا قۆزاقەکان کە کیرنسکی هەڵیخەڵەتاندبوون پەرشوبڵاوو دەستگیرکران. هەروا لە مۆسکۆشدا شۆڕش سەرکەوت. پێش ئەوەی چەند شەمەندەفەرێکی هێزی سەربازی لە پترۆکرادەوە بگەنە مۆسکۆ، هەندێ لە شاگردکانی قوتابخانە سەربازییەکان و کۆرنیلۆفییەکان مەرجەکانی سوڵحیان ئیمزاکرد و چەککران و کۆمیتەی فریاکەوتن لەکارخرا.

لەبەرەی لادێیەکانەوە، هەموو ڕۆژ و سەعاتێك یەك لەدوای یەکی هەواڵەکان پشتیوانی زۆبەی سەربازی مەتەرێزەکان و جووتیارەکانی شارۆچکەکان بۆ حکومەتی نوێ و بڕیارەکانی لەبارەی ئاشتی و دەستبەجێ تەسلیمکردنی زەمین بە جووتیاران، بەدەستمان دەگەن. سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاران و جووتیاران زامنکراوە، چونکە زۆربەی پشتیوانیان لێ کرد.



ئاشکرایە موڵکدارەکانی زەمین و سەرمایەدارەکان و گەورە فەرمانبەران کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ بۆرژواکاندا هەیە، بە وشەیەك بڵێم، هەموو دەوڵەمەندەکان و ئەوانەی پشتیوانیان لێ دەکەن، دژایەتی شۆڕشی نوێ دەکەن و بە دانانی سنوور بۆ چالاکی بانقەکان یا پەکخستنی کاری دەزگا جۆربەجۆرەکان هەڕەشەمان لێ دەکەن و بەهەموو شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕێگریان لێ دەکەن. هەموو کرێکارێکی هوشیار زۆر بەچاکی درك بەوەی دەکرد کە ئێمە بەبێ چەندوچۆن ڕووبەڕووی ئەو جۆرە موقاوەمەتانە دەبین؛ لەڕابردوودا، ڕۆژنامە حزبییەکانی بۆلشەوی چەندین جار ئاماژەی بەوە کردووە.

چینە زەحمەتکێشەکان بۆ چرکەیەك ترسیان لەو بەرگرییە نابێتەوە، وەهەرگیز لەبەردەم هەڕەشەکاری لایەنگرانی بۆرژوازی وهاوڕێکانیان نالەرزێ. ئێمە زۆربەی گەل، زۆربەی کارگەران و چەوساوەکانی دنیانمان لەگەڵدایە؛ مەسەلەی یەکسانیمان لەگەڵدایە. سەرکەوتنی ئێمە زامنکراوە؛ بەرگری سەرمایەداران وگەورە فەرمانبەران دەخەینە ژێرپێمان و هیچ کەسێك لە موڵکەکەی بێبەش ناکەین، بەبێ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە لەبارەی خۆماڵیکردنی بانق وسەندیکاکان. ئێمە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەم یاسایەین و هیچ کرێکار و زەحمەتکێشێك تاقە یەك کۆبیك زەرەر ناکات، بەپێچەوانەوە یارمەتی دەدرێت؛ جگە لە ژمێریاری و چاودێری وەردەکان و وەرگرتنی باجە ئاشکراکان کە پێشتر وەرگیراوە، حکومەت هیچ ئیجرائێکی تر وەرناگرێ.

ئێمە بەناوی ئەم داخوازییە ڕەوایانەوە، زۆربەی گەل لەدەوری حکومەتی کاتی کرێکاران و جووتیاران کۆبووەوە.

هاوڕێیانی کارگەر لەبیرتان بێ، ئێستا ئێوە بەخۆتان ئەم دەوڵەتە بەڕێوەدەبەن و هیچ کەسێکیش نیە یارمەتیدان بدا ئەگەر بەخۆتان یەکنەگرن و هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت بەدەستی خۆتانەوە بەڕێوە نەبەن.

له ئێستا بەدواوەوە، شووراکانتان ئەنجومەنی دەسەڵاتی دەوڵەتە و هەموو دەسەڵاتێکیشی هەیە، ئەنجومەنێک کە بڕیاردان و جێبەجێکردنیانی بەدەستەوەیە.

لەدەورووبەری شووراکانتان کۆببنەوەو تەکمەی بکەن؛ بەخۆتان بڕۆن بۆ کارکردن لەنێو جەماوەر و چاوەڕوانی هیچ کەسێک نەکەن. شۆڕشگێڕترین دەسەڵات دابمەزرێنن، بەبێ بەزەییانە هەموو هەوڵە بێ پەرسەکانی سەرخۆشەکان و شاگردەکانی قوتابخانە سەربازییە دژ بە شۆڕش و کۆرنیلوفییەکان و هاوچەشنیان پانبکەنەوە؛ چاودێرییەکی توند بەسەر بەرهەمهێنانی خۆراک و ژمێرییارییەکانی بکەن؛ ئەوەی خراپەکاری لە دژی گەل دەکا، دەستبەجێ دەستگیری بکەن و بۆ دادگای شۆڕشگێڕی گەل بینێرن؛ چ بەهۆی کاری تێکدەرانە(لەناوبردن، کۆسپدانان یا تەقاندنەوە)ی بەرهەمهێنان و شاردنەوەی یەدەکی دانەوێڵە وخۆراک و دواخستن لە گەیاندنیان و تێکدانی کارکردنی شەمەندەفەر، پۆست وبروسکەو تەلەفۆن. بەگشتی لەدژی هەر بەرگری نواندنێک یا هەر بەرگری کردنێک لە دژی ئاشتی وەک گەورەترین مەسەلە؛ بەدەستەوەنەدانی زەمین بە جووتیاران یا لەدژی دابینکردنی چاودێری کرێکاری لەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی خۆراک.

هاوڕێیانی کرێکار و سەرباز و جووتیاران، ئەی زەحمەتکێشان، هەموو دەسەڵات بۆ خۆتان وەربگرن وبیدەن بەدەستی شووراکانتانەوە؛ وەک چۆن چاوتان دەپارێزن، ئاوا شەونخونی بکەن لەسەر زەمین، دانەویلە، کارگەکان، تەقەمەنی و خۆراک_ لەوەوەرا هەموو ئەوانە دەبن بە موڵکی خۆتان، دەبن بە موڵکی هەموو گەل. بەڕێکەوتن لەگەل زۆربەی جووتیاران و بەپشتیوانیانەوە، بەو ڕێگایانە دەڕۆین کە ئەزموونی کرێکاران و جووتیاران بەکردەوە پیشانیداو هەنگاو بە هەنگاو، بە عەزیمەت و سووربوونەوە دەڕۆین بەرەو سەرخستنی سۆسیالیزم. ئەو سۆسیالیزمە کە لەلایەن کرێکارە پێشڕەوەکانی شارستانیترین وەڵاتانەوە جێگیر دەکرێ و ئاشتی پایەدار بەگەلان دەدا و لەگشت جۆرە چەوسانەوەو سەرمایەگوزاری ڕزگاریان دەکا.

1917.11.5

**پترۆگراد سەرۆکی شوورای نوێنەرانی گەل**

**ف. ئولیانۆڤ(لینین)**

**لە پراڤدا، ژمارە چوار، بڵاوکراوەی ئێواران شەشی نۆڤەمبەر** 1917

وەگێر: سەلام عەبدوڵڵا